مەڵێن: خوای گەورە بیەوێت وفڵان کەس بیەوێت، بەڵکو بڵێن: خوای گەورە بیەوێت پاشان فڵان کەس بیەوێت

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مەڵێن: خوای گەورە بیەوێت وفڵان کەس بیەوێت، بەڵکو بڵێن: خوای گەورە بیەوێت پاشان فڵان کەس بیەوێت».

[سەحیحە بەکۆی ڕێگاکانی] [(أبو داود والنسائي -له الكبرى- وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی مسوڵمان بڵێت: (خوای گەورە بیەوێت وفڵان کەس بیەوێت)، یان بڵێت: (خوای گەورە وفڵان کەس بیانەوێت) ؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی ویست وئیرادەی -خواستی- خوای گەورە ڕەهایە وهیچ یەکێك هاوبەشی نییە لەمەدا، بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (و) ئاماژەیە بۆ هەستکردن بەوەی یەکێك هاوبەشی خوای گەورەیە ویەکسانن. بەڵکو دەبێت بڵێت: (خوای گەورە بیەوێت، پاشان فڵان کەس بیەوێت)، دان دەنێت بەوەی ویستی بەندە ملکەچی ویستی اللە یە و لەژێر ویستی ئەودایە -سبحانه وتعالى- ؛ بە ووتنی: (پاشان) لەجیاتی (و)، چونکە (پاشان) بۆ بەدوای یەکدا هاتن و بەیەك نەبەستنەوە بەکاردێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3352